هێزەکانی ڕزگاری عەفرین بە ئامانجەکردنی چێندین بارەگای سوپای تورکیای ڕاگەیاند

هێزەکانی ڕزگاری عەفرین کوژرانی 23 چەکدار و بریندارببوونی 34 چەتەی سەر بە سوپای تورکیا و چەتەکانیان پشتڕاستکردەوە لە میانەی ئۆپەراسیۆنەکانیدا کە لە نێوان 17ـی تشرینی یەکەم بە 19ـی تشرینی دووەم ئەنجامدران.

ئەمڕۆ هەینی (24ـی تشرینی دووەمی 2023)، میدیای فەرمی هێزەکانی ڕزگاری عەفرینی سەر بە هەسەد، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەو ئۆپەراسیۆنانەی کە لە دژی سوپای تورکیا و چەتەکانی ئەنجامیان داوە لە ماوەی مانگی ڕابردوو کە لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژئاوای سوریا ئەنجامدان و هاتووە، «لە نێوان 17ـی تشرینی یەکەم بە 19ـی تشرینی دووەمی 2023، هێزەکانمان ئۆپەراسیۆنی کاریگەریان لە دژی سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی ئەنجامدا لە ئەنجامدا چێندین ئەندامی سوپای داگیرکەری لەناوبرد».

شایەنی باسە، لەنێوان شەوی پێنجشەممە (23ـی تشرینی دووەمی 2023) تا ڕۆژی هەینی، پێی فەرمی هێزەکانی ڕزگاری عەفرین چێندین گرتە ڤیدیۆی بە ئامانج کردن و ئۆپراسیۆنی تایبەتی دژی چەکدارانی سەر بە تورکیا لە ناوچەی مارع و سنووری عەفرین بڵاوکردەوە، کە تیایدا چێندین چەکدار و ئەندامی سوپای تورکیا بە ئامانج گیران.